*Journal of Language Studies* Vol. 10, No. 2, Part 1, 2026 Pages (155-173)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.2.P1.8

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Reflection of Religious Conflict in Bakhtiar Ali's Novel *Evening Parwana*

**Asst. Lect. Avin Abdulqadir Khalifa***
**Department of Kurdish Language, College of Education, University of Charmo, Chmchamal, Kurdistan Region, Iraq**
avin.abdulqadir@chu.edu.iq
&
**Asst. Prof. Dr. Kwestan Jamal Salam**
**Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Sulaimani Sulaimaniyah, Kurdistan Region, Iraq**
Kwestan.salam@univsul.edu.iq

**Received:** 12/09/2025, **Accepted:** 05/10/2025, **Online Published:** 30/06/2026

## Abstract

This research examines religious conflict and its impact on individuals and society, with a particular focus on the misuse of religion by those who lack a proper understanding of its principles. It explores how religion, God, and sacred concepts are sometimes employed to instill fear in individuals, leading to psychological conflict, guilt, and self-blame. The study is entitled *The Reflection of Religious Conflict in Bakhtiar Ali's Novel Evening of the Butterfly (Parwana Evening)*.

The research is divided into two main sections. The first section consists of two parts: the first discusses the concept of religious conflict from a theoretical perspective, while the second examines manifestations of religious conflict within the novel. The second section

* **Corresponding Author:** Avin Abdulqadir Khalifa, **Email:** avin.abdulqadir@chu.edu.iq
**Affiliation:** University of Charmo – Iraq.

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

presents a practical analysis of the novel, focusing on the ways in which the novelist portrays religious conflicts through various characters and events.

Special attention is given to the character of Khandana, through whom the novelist presents a deeper and more authentic understanding of God, divine messages, and religious laws. The novel suggests that human beings should seek knowledge of God through reflection on the entire universe rather than relying solely on books or the extremist interpretations of individuals who claim to speak on behalf of religion. According to this perspective, God created a diverse world that embraces difference, freedom, the search for truth, and the exploration of life's mysteries. The novel emphasizes that God supports coexistence, love, and freedom, and that the real problem lies not in religion itself but in its misuse by certain individuals. Finally, the study concludes with its main findings and a list of references.

***Keywords:*** Kurdish Novels, Evening Parwana, Religious Conflict, God Existence

## انعكاس الصراع الديني في رواية بختيار علي "مساء پروانة"

**م. م. أڤين عبد القادر خليفة**

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة جرموو، جمجمال، إقليم كردستان، العراق**

**و**

**أ. م. د. كويستان جمال سلام**

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كردستان، العراق**

**المستخلص**

يتناول هذا البحث الصراع الديني وأثره في الفرد والمجتمع، مع التركيز على إساءة استخدام الدين من قبل الأشخاص الذين لا يمتلكون فهماً صحيحاً لمبادئه وتعاليمه. كما يوضح البحث كيف يمكن أن تُستَخدم مفاهيم الدين والإله والمقدسات أحياناً لبث الخوف في نفوس الأفراد، مما يؤدي إلى صراعات نفسية وشعور بالذنب ولوم الذات. ويحمل البحث عنوان «تجليات الصراع الديني في رواية مساء الفراشة لِبختيار علي.«

يتكون البحث من قسمين رئيسيين. يضم القسم الأول مبحثين؛ يتناول المبحث الأول مفهوم الصراع الديني من الناحية النظرية، بينما يركز المبحث الثاني على مظاهر الصراع الديني في الرواية. أما القسم الثاني فيتضمن دراسة تطبيقية للرواية، حيث تم تحليل الكيفية التي جسّد بها الروائي الصراعات الدينية من خلال الشخصيات والأحداث.

ويولي البحث اهتماماً خاصاً بشخصية «خندانة»، التي يقدم الروائي من خلالها تصوراً أكثر عمقاً وصدقاً عن الله والرسالات السماوية والتشريعات الدينية. وتؤكد الرواية أن الإنسان ينبغي أن يسعى إلى معرفة الله من خلال التأمل

في الكون بأسره، لا من خلال الكتب وحدها أو عبر الخطابات المتطرفة لأولئك الذين ينصبون أنفسهم متحدثين باسم الدين. ووفقاً لهذه الرؤية، فإن الله خلق عالماً متنوعاً يتسع للاختلاف والحرية والبحث عن الحقيقة واستكشاف أسرار الحياة. كما تؤكد الرواية أن الله يدعو إلى التعايش والمحبة والحرية، وأن المشكلة الحقيقية لا تكمن في الدين ذاته، بل في سوء توظيفه من قبل بعض الأفراد. وفي الختام، يعرض البحث أهم النتائج التي توصل إليها، إلى جانب قائمة المصادر والمراجع.

**الكلمات المفتاحية:** الروايات الكردية، إنه مساء پروانه، الصراع الديني، وجود الله

## "ڕەنگدانەوەی ململانێی ئاینی لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"ی بەختیار عەلی" دا

م. ئەڤین عبد القادر خلیفة
بەشی کوردی، کرلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق
و
پ. ی. د. کوێستان جەمال سەلام
بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە باسکردنە لە ململانێی ئاینی و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆماندا و کاریگەری ئاین لەسەر تاك و کۆمەڵگە، کە ڕۆماننووس لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە ئەم ململانێیە دەردەخات، جگەلەوەش باسکردنە لە کەسانێك خۆیان بە باشی لە یاساکانی ئاین نەگەیشتوون و کەچی ئاین بەکار دەهێنن بۆ ئازاردانی تاکەکان، بە جۆرێك ئاین و خوداو پیرۆزییەکان نیشاندەدەن کە تاکەکان بترسێنن و تووشی ململانێی دەروونی و خۆتاوانبارکردنیان بکەن، توێژینەوەکە بە ناونیشانی "ڕەنگدانەوەی ململانێی ئاینییە لە "ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"ی بەختیار عەلی"دا، لەبەشی یەکەمدا کە دوو تەوەرە ،لەتەوەری یەکەمدا باسمان لەچەمکی ململانێی ئاینی کردووە، لەتەوەری دووەمدا باسمان لە ململانێی ئاینی لە ڕۆماندا بەگشتی کردووە، لەبەشی دووەمدا کە دوو تەوەرە، لەتەوەری یەکەمدا بەشێوەیەکی پراکتیکی چووینەتە ناو ڕۆمانەکەوە و باسمان لەڕەنگدانەوەی ململانێی ئاینی لە ڕۆمانەکەدا کردووە، کە ڕۆماننوس لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە بۆمان دەخاتەڕوو، بەڵام لەبەشی دووەمدا ,لەتەوەری دووەمدا لە ڕێگای کارەکتەری(خەندانی چکۆلانە)وە،ڕۆماننوس وێنەیەکی ڕاستی ناساندنی خودا و پەیامەکەی و یاسا شەرعییەکانمان پێدەناسێنێت، کە پێیوایە مرۆڤ بۆئەوەی خودا بناسێت دەبێت لە کۆی گەردووندا بە دوای وجودی خودادا بگەڕێت و نەك تەنها لە کتێبێك یان وتارێکی توندڕەوانەی ئەو کەسانەی خۆیان کردووە بە دەمڕاستی ئاینەکە ،چونکە خودا دونیای بە چەندەها شێوەی جیاوازو هەمەڕەنگ دروستکردووە،بێگومان جیاوازی، ئازادی،گەڕان بەدوای ژیان و نهێنییەکان قبوڵدەکات، خودا پێکەوە ژیان و خۆشەویستی و ئازادی قبوڵدەکات و دژی نییە، ئەوە مرۆڤەکانن ئاین خراپ بەکاردەهێنن، لە کۆتایدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو.

**کلیلە وشەکان:** ڕۆمانی کوردی، ئێوارەی پەروانە، ململانێی ئاینی، بوونی خودا.

**پێشەکی:**

یەکێك لە ژانرە دیارو پەرەسەندوەکانی ئەدەب ڕۆمانە، کە بەدرێژایی مێژووی دەرکەوتنی ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەسەندندایە،ململانێ وەك داینەمۆی ڕۆمان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە تەکنیکی دارشتنی ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانی ناو ڕۆماندا، ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە" بە ململانێی کارەکتەرەکان دەستپێدەکات و بە ململانێش کۆتاییدێت،بێگومان هەر میللەتێك ئاین و بیروباوەڕی خۆی هەیە،کە بابەتێکی گرنگی لایەنێکی ڕووحیە، ئاین یەکێکە لەو بابەتانەی کە هەر لە کۆنەوە جێگای مشتومڕو ململانێی وڵاتان بووە،هەر ئاینێك بیرو باوەڕو یاسای خۆی هەیە، کە لەلایەن پەیڕەوکارانیانەوە جێبەجێدەکرێت، ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە" یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە تیشك دەخاتە سەر کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکان، کە چۆن سیستەمە سیاسی و ئاینی و کولتووورییەکە کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە و تاك هەیە، هەروەها لە ڕۆمانی"ئێوارەی پەوروانە"دا ڕۆماننووس بە خوێنی قوربانی ئاژەڵان دەسپێدەکات و پاشان دەچێتە سەر خوێنی مرۆڤەکان،بەڵام پێیوایە لە کۆمەڵگەی کوردیدا سیستەمە سیاسی و ئاینی و کولتوورییەکە هەر دەچێتەوە سەر خوێنی مرۆڤەکان و لە هەموو بارێکدا لە ژێر ئەم سیستەمانەدا مرۆڤەکان دەبن بە قوربانی، زۆر بەوردی دەچێتە بن کێشە باوەکانی کۆمەڵگەی کوردییەوە، باس لەو سیستەمە ئاینییە دەکات کە چۆن هەندێك کەس بەناوی ئاینەوە فتوای کوشتنی کچان و ژنان دەردەکەن و لە کاتێکدا خۆیان لە ئاین نەگەیشتوون، بە جۆرێك سنوور لەبەردەم ئازادییەکانی تاکدا دادەنێن و هەموو مافەکانی زەوت دەکەن، بەهەمان شێوەی سیستەمە سیاسییەکە کە تاکێك دروستدەکەن بەهۆی تاوانبارکردنییەوە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبات، بەڵام ئاینی ئیسلام مرۆڤی ئازادکردووە لەوەی باوەڕدەهێنێت یان نا، ئیسلام ئاینی پێکەوە ژیان و جوانی و ڕێزگرتنە.

**ناونیشانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ڕەنگدانەوەی ململانێی ئاینییە،لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە" ی بەختیار عەلی" دا.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

میتۆدی (وەسفی –شیکاری-)ی پەیڕەوکراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەمکی ململانێی ئاینی شیبکاتەوە و پەیوەندی ململانێی ئاینی لەناو ئەدەب و ڕۆماندا دەربخات،لەلایەکی ترەوە هەوڵدەدات ڕۆڵی ڕۆماننوس لە بەرجەستەکردنی ئەم چەمکە لە ناو ڕۆمانەکەدا پیشانبدات.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کەوا ململانێی کارەکتەرەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە پێشخستنی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە، لەبەر ئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ دەرخستنی ئەو ململانێ ئاینییە و شیکردنەوەو چۆنییەتی مەزراندنی ئەم چەمکە لە ڕۆمانی "ئێوارەی پەروانە"دا.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە کە بەناونیشانی "ڕەنگدانەوەی ململانێی ئاینییە لە ڕۆمانی "ئێواری پەروانە" ی بەختیار عەلی"دا،لەدووبەش پێکهاتووە،لەبەشی یەکەمدا،کە دووتەوەرە لەتەوەری یەکەمدا بەشێوەیەکی تیۆری باسمان لە چەمکی ململانێی ئاینی کردووە،لەتەوەری دووەمدا باسمان لە ململانێی ئاینی لە ڕۆماندا کردووە،لەبەشی دووەمدا، کە دوو تەوەرە بە شێوەیەکی پراکتیکی باسمان لەڕەنگدانەوەی ململانێی ئاینی لە ڕۆمانەکەدا کردووە،لە تەوەری

دووەمدا لە ڕێگای کارەکتەری گێڕەرەوە(خەندان)ەوە باسمان لە ململانێ ئاینی (خەندان) کردووە، سەبارەت بە گەڕان بۆ ناسین و بوونی خودا لە کۆی گەردووندا، پاشان خستنەڕووی ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان.

**بەشی یەکەم:**

**تەوەری یەکەم/چەمکی ململانێی ئاینی:-**

یەکێك لەو چەمکانەی کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بیرو بۆچونی جیاوازی بەرامبەری هەبووە و بووەتە هۆکاری ناکۆکی و ململانێ، ئاین و تێگەیشتنی مرۆڤ بووە لە ئاین .زاراوەی ئاین لە زمانەکاندا زاراوەی جۆراو جۆری بۆ بەکارهاتووە، لە ئینگلیزیدا"( religion) و لە عەرەبیدا( الدین ) و لە کوردیدا ( ئاین )، بەوە دەناسرێت بریتییە لە پەیوەندی خوداو جیهان، واتا ژێرخانی ئاین باوەڕ هێنانە بە خودا، ئەمیل دۆرکهایم پێیوایە ئاین بریتییە لە سیستەمێکی ڕێکخراو لە باوەڕو جێبەجێکردن، ولیم جیم دەڵێت: ئاین بریتییە لە هەستکردن بە خوداو پەیوەندی نێوان بەندەو پەرستراو و هەستان بە بەجێهێنانی هەندێك پەیوەندی پەرستش لەکاتی تەنیایدا". ( سەلام ، 2004 ، 7-6 )

(پیتەر بێرگە ر)دەربارەی ئاین دەڵێت:" ئاین بریتییە لە سیستەمێك لە هێماکان کە کاری سەقامگیرکردنی حاڵەتەکان و خولیا بەهێز و قەناعەت پێکەر و پایەدارەکانە لە مرۆڤدا ."( ئیبراهیم ، 2008 ،24)، دەوترێت:"ژینگەی دەروونی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دابو نەریت و پێوەرو بەهاو باوەڕ و زمان و چەشنەکانی ڕەفتارو پەیوەندیەکانی نێوان دوو ڕەگەزو نێوان هۆز و چین و پەیوەندییە ئاینی و ڕامیاری و ئەدگارە کۆمەڵایەتیەکان". ( الحفنی ، 2003 ، 123 )، واتا ژینگەی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە بە هاو بیر و باوەڕو ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤەوە هەیە، هەربۆیە دەبینین لە سەرەتادا ناکۆکی لە نێوان مرۆڤ و سروشتدا سەری هەڵداوە و تێڕوانینی ترس ئاسای مرۆڤ بۆ دیاردەکانی سروشت بوەتە هۆی سەرهەڵدانی ئەفسانە لە هزریدا. بۆیە دەوترێت: "ئاین تەنها کاری ئەوەنییە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی وا لێبکات شایەنی تێگەیشتن بێت و شەریعەتی پێبدات، بەڵکو ئەو ئەزموونەش کە دەشێت ببنە مایەی لێکترازانی کۆمەڵایەتی بێسەروبەری بە ئەقڵانی بکات" ،( عمر ، 2005 ، 21 ، هەر لە کۆنەوە کێشەی نێوان ڕەش پێست و سپی پێست و ململانێ و جەنگ لە نێوان باش و خراپ، لایەنی خێرو شەڕ، خواوەند و شەیتان، ئاشتی خواز و شەڕخواز، بوون و نەبوون، کێشەی سەرەکی مرۆڤ و گەردوون بوون، ( رسول ، 2005 ، 20 )، (کانت): سەرچاوەی ئاین لە ناخی مرۆڤدا دەبینێت و دەڵێت: " پێویست بەوە ناکات کە بە دوای ئایندا بگەڕێین لە دەرەوەی خۆمان، بەڵکو لە ناخماندا دەبێت بیدۆزینەوە ". (عبدالسلام ، 2005 ، 22 ، کۆمەڵناسان ئاین بە کایەیەکی کۆمەڵایەتی دەزانن و لە چوار چێوەی کۆمەڵدا شیدەکەنەوە، بەبێ گرنگیپێدان بە پەیوەندی ئاین و تاك، بەڵام تێۆرە دەروونناسییەکان ئاین پەیوەست دەکەن بەتاکەوە و هەبوونی ئەو پەیوەندییە تەنها بۆ خودی تاك دەگەڕێننەوە، هەروەك (تۆماس لاکمان )ی کۆمەڵناس دەڵێت: "ئاین شان بەشانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەچێتە پێشەوە ( عمر، 2005، 21 ) ،ڕینیە ڕیمون دەڵێت: "ئاینە مەزنەکان یەقینی ئەوەیان هەیە کە حەقیقەتی ڕەها لای ئەوانە، لێرەوە ڕێگا بەوە نادەن هیچ جیاوازیەك لە بواری بیروباوەڕ و ئاینیدا هەبێت." ( ساڵح ،2007، 26 )

فاکتەری سەرەکی لە پێش ناکۆکی و ململانێی نێوان ئاینەکان دەگەڕێتەوە بۆ تێنگەیشتنی کەسانی سەر بە هەرئاینێك بەرامبەر بە بڕوادارانی ئاینێکی تر، بۆ نموونە (دانیاڵ. ل. پاڵس)، لەم بارەیەوە دەڵێت: "دەتوانین بڵێین تێکرای ئاین و ئاینزانەکان دەمارگیریان هەبووە و کاریان پێکردووە، بە تایبەتی لە سەدەکانی ناوەڕاستیدا ، تەنانەت تا ئێستاش لە چەندین شوێندا هەرماوە،" (پاڵس ، 2007 ، 26 )، بۆ نموونە ململانێی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان، لە ئاینی ئیسلامیشدا ململانێی نێوان(سوننە و شیعە) کاتێك ئاینەکان دەکەونە ململانێوە لەگەڵ یەکتریدا بڕوادارانی ئاینێك دەیانەوێت خۆیان بەسەر ئاینی کەسانی بەرامبەردا بسەپێنن، ئەو کاتە ئاسایشی مرۆڤ دوو چاری کارەسات و تەنگژە و خوێن ڕژان و دەمارگیری سەرسەختانە دەبێتەوە،خۆشەویستی و پڕوپاکەندەی

توندوتیژ ئامێز لەگەڵ هەموو سۆزمەندییەکی ئایندا،دەتوانین بڵێن جەماوەر بەرگێکی ئاینی دەکاتە بەری هەموو یاوەرەکانی، ( لۆبۆن ، 2006 ، 135 )، (ماکس فیبەر) لە یەکێك لە سێ تێزە سەرەکیەکەی خۆی کە لە کتێبی (ئابووری و کۆمەڵ )دا باسی ڕۆڵی پیرۆزییەکان دەکات ، کە دین و عورف و داب و نەریتە دێرینەکان دەگرێتەخۆ دەڵێت:" دەبنە سەرچاوەی دەسەلات لە کۆمەڵدا،بە تایبەت لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکاندا ".( قادر ، 2008 ، 2 - 4 )

لەگەڵ هاتنی ئاینی ئیسلامدا پێغەمبەر( د.خ ) ئاینەکانی تر بە هەڵوەشاوە دەژمێردرێت و هەر وەك ئاینی مەسیحیەت و پێغەمبەر عیسا لە بیروباوەڕی مەسیحیەکاندا بە تاکە ئاینی ڕاست دادەنرێت ... هتد.(ئیبراهیم ، 2008 ، 37)، بیرمەندی ناتوندو تیژی لە جیهانی عەرەبدا دکتۆر(وەلید سڵێبی)، دامەزرێنەری زانکۆی (ئۆنور) و مامۆستای فەلسەفەی ڕامیاری لەو زانکۆیەدا دەڵێت: "ناتوندو تیژی بریتی یە لە دوو( نا)، ! نا بۆ توندو تیژی خۆ و نا بۆ توندوتیژی ئەوانی ترە، واتا سیستەم لەکاتێکدا ڕەنگە ناتوندوتیژی لە ڕووبەڕووبونەوەی زێدەڕەوی ئەوانیتردا بەکاربێن، مرۆڤ تەنیا بە ناتوندو تیژی دەتوانێت ڕووبەڕووی زیادەڕەویەکانی خۆی ببێتەوە،کاتێك دەڵێین نا بۆ توندوتیژی خۆ ئەو کاتە دەڵێین بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی ،( نا ). ی دووەم واتا نا بۆ توندوتیژی ئەوانیتر( نا ). ی کۆمەڵایەتییە،مەبەست لێی( نا) یە بۆ توندو تیژی ئەوانیتر، بەواتا فراوانەکەی واتا بەگشت شێوەکانی لە کوشتن و سیستمی کۆمەڵایەتی و هەژار کردن وداگیرکاری و سەرکوتکردن و سەرکۆنەکردنی منداڵ و توندوتیژی خێزانی و گەندەڵی و تایفەگەری و ڕەگەز پەرستی و زۆر لێکردنی ئاینی "، ( شارب ،13 20، 11 )، ماکس مولەر دەڵێت: "دین هەوڵێکە لە پێناوی ئینگارێك( تەسەور ) کە ئینگار ناکرێت، گوفتارێکە لێکناکرێتەوە،ئەوە هێزێکە هەتا هەتایی دەمێنێتەوە". ( قادر،3،20008-4)، (هانگتۆن)هۆکاری ململانێی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ئیسلام و ڕۆژئاوا و ئاینی مەسیحیەت و کە ئاستی ململانێکە بەندە بە گەشەی دیمۆگرافی و دابەزینی وەرچەرخانی تەکنۆلۆژیا و توندی پابەندبوون بە ئاینەکان ... هتد دەگەڕێنێتەوە بۆ چەند هۆکارێك: لەژێر کاریگەری (بیرنارد لویس)( 1916 – 2018 ) دا لەوانە :

"1- گەشەی دانیشتووان لە جیهانی ئیسلامیدا کە ئەمەش وایکردووە گەنجانی تووڕە و بێکارو نارازی دروستببێت،کە بوونەتە سەرباز بۆ دۆز و پرسە ئیسلامییەکان و فشاریان لەسەر کۆمەڵگە دراوسێکان دروستکردووە، بەوەی کە بەرەو ئەورووپا کۆچ دەکەن.

2- هەڵسانەوە و ڕابوونی ئیسلامی کە پێیوایە متمانەی موسڵمانانی بە سروشت و توانای شارستانیەتی ئیسلامی و بەها جیاوازەکانی بە بەراورد بە بەهاکانی ڕۆژئاوا تازە کردووەتەوە.

3- بە ڕێککەوتن و تێکەڵبوونی زۆری نێوان موسڵمانان و ڕۆژئاوا، کە ڕای وایە هەستێکی لە لای هەردوو لا دروستکردووە، کە هەستی ناسنامەی تایبەتە هەستی ئەوەش کە چۆن هەر یەکەیان جیاوازە لە ناسنامەی ئەویتر.

4- هەوڵی ڕۆژئاوا بۆ پاراستنی پێشەنگی خۆی لە بواری ئابووری و سەربازی و دەستێوەردان لە جیهانی ئیسلامی، کە پێیوایە ناڕەزایەتییەکی توندی لای موسڵمانان بەرپاکردووە ... هتد". ( عبدالله، 2024،سایتی گۆگڵ)

لە ڕێنسانسدا ڕوانگەی دنیایی ( عەلمانی سیکولاریزم ) پەرەی سەندووە بە پێی واقیعی ژیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان خرانە ژێر شیکردنەوە، بۆیە یاسای دانراوی دەستی مرۆڤ شوێنی یاسا دینی و لاهوتیەکانی گرتەوە، ئەگەر جاران یاسا لاهوتیەکان دەبوونە ڕێکخەری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و مافەکانیان لەسەر ڕوانگەی خۆیان دادەڕشت ، ئەوە ڕێنسانس لاهوتی بە لاوە نا و چارەنووسی مرۆڤ و کۆمەڵگەی خستە دەستی خۆی و واقیعی پەیوەندییەکانی کردە بنەمای دانانی یاسا، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا پرۆسەکە بە پێچەوانە ڕۆیشتووە، سەرچاوە شە رعییەکان بە تاکە چاوگەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ و فەرمانڕەوای مانەوە، هەر بۆیە بە دەگمەن ڕێگا بۆ بیرۆکەی یاسای وەزعی دەکرایەوە، لە کۆتای سەدەی(19 )یەمدا لە ئەنجامی پەرەسەندنی کۆلۆنیالیزم و هاتنی بیرو ئەندێشە و دەسەلاتی نوێ کە سەرچاوەکانیان ئەورووپا بوو، کەسان و ناوەندی

چاکسازیخواز پەیدا بوون و ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕانکارییە سیاسی و ئیدارییەکانی ڕۆژهەڵاتدا بینی، بیرۆکەی دەستور و دانانی یاسایان هێنایە ناو ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و عوسمانی و قاجاری و بەڵام نەیانتوانی کۆتایی بە دەوری ئاین لە دانانی یاساکاندا بێنن، بۆ نموونە(د. موحسن عەبدولحەمید) کە سەرۆکی حیزبی ئیسلامیی عێراق بوو بە نەتەوە کورد و لە ڕووی ئایدۆلۆژیاوە بە دەمڕاستی ئیسلامییەکانی ناو کوردستان دەزانرێت ،دەڵێت: "ئیسلام دەوڵەت و نیشتمانە یا دەسەڵاتداری و نەتەوەیە، ڕەوشت و هێزە، یا میهرەبانی و دادپەروەرییە،ڕۆشنبیریی و یاسایە زانستە، دادگەریە ،مادە و سامانە ، تێکۆشان و جیهادە بانگەوازە، یا لەشکر و بیروباوەڕە عەقیدەیەکی ڕاست و پەرستشێکی دروستە.... هتد". ( قادر ، 2008 ، 9 )،واتە شەریعەتی ئیسلام بە سەرچاوەی یاساکان دانراوە ئایینی ئیسلام لەسەردەمی پێغەمبەر ( د. خ ) هات و دینەکانی پێش خۆی ڕەتدەکاتەوە ئەو سێ ئاینە( یەهودییەت ، مەسیحیەت ، ئیسلام ) بنەمای ئەو دوو شارستانییە سەراپاگیرەی جیهانن ( ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا )، کە سێبەریان لەسەر جیهانی ئەمڕۆدا گرتووە زۆربەی کێشە و ناکۆکیەکانیان بۆ کێشەی بەردەوامی نێوانیان دەگەڕێتەوە.

**بەشی یەکەم/تەوەری دووەم/ململانێی ئاینی لە ڕۆماندا:**

ئەدەب بوارێکی فراوانە و لە توانایدایە کێشەوململانێکانی مرۆڤایەتی بخاتە ڕوو، ڕووداو ململانێ ڕەنگدانەوەی ناخی نوسەری دەقە ئەدەبییەکانن، بۆ نموونە ڕۆماننووس لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە ئەم ململانێیانە دەردەخات، بۆیە " مەرج نییە ململانێی ئاینی لە ڕێگای پێکدادانی ئاینیەکانەوە ڕوو بدات، بەڵکو ڕەنگە لە ڕێگای کارەکتەرێکی ناو ڕۆمانەوە ڕووبدات و کە هەموو سیماکانی ئاینی ئیسلام دەشکێنێت و ڕەتکردنەوەی هەموو پاڵنەرە ئاینیەکانی بۆ نموونە ( نوێژنەکردن بە ڕۆژوو نەبوون جنێودان،... هتد)، کە دەبنە هۆی ململانێ بۆ کارەکتەری سەرەکی یاخود کارەکتەرێك لەگەڵ کارەکتەری تری ناو ڕۆمانەکە کە بە زۆری ڕۆڵی چاودێرێکی کۆمەڵایەتی یان پارێزەر دەگێڕن، لە ڕۆمانی عەرەبیدا دەبینرێت کارەکتەرێك هەوڵدەدات ڕزگاربێت لەو نەریتانەی کە کۆد و بەندیان کردووە، بۆ نموونە قبوڵنەکردنی کولتووری ڕۆژئاوا و داب و نەریتی جلوبەرگی ڕۆژئاوایی یاخود قبوڵنەکردنی ڕۆژئاوا بە کولتووری ئیسلام، وەك:( خواردنەوەی مەی، ژنێك کە جلێکی نەگونجاوی ڕووتی لەبەرە، نەچوون بۆ مزگەوت، کەسایەتییەك موسڵمان نییە لە ڕۆمانەکەدا ... هتد )"(إبتسام ، 2020 ، 20)،(ئامیل درکهایم )یەکێك لە شاکارە تێورییەگەورەکانی خۆی ،(the elementary of redigious life) ،بنەمایەکی زانستی لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و بۆ لێکدانەوەی ڕۆڵی ئاین دانا و وەك سیستەمێك لە سیستەمەکانی پێکهێنەری بنیاتی کۆمەڵایەتی ناساندنی، ئەو دەنووسێت" ئاین سیستمێکی هەماهەنگی پێکهاتووە لە باوەڕ و کردەوەی ئەوتۆ کە باس لە بابەتی پیرۆز دەکات لە کەشی دنیایی جیا دەکاتەوە و چەند جۆر قەدەغەی لەسەر دادەنێت" (قادر،3،2008-4).

لە ڕۆمانە کوردیەکانیشدا زۆر جار کارەکتەری سەرەکی (شاکەس ) دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ یاساو پێوەرە ئاینیەکاندا و هەوڵدەدات هەمووی بشکێنێت لە پێناو گەیشتن بە حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا و دەبێتە کەسێکی یاخی لە ئاین، ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی) زۆر ئەم حاڵەتەی تێدایە، کە لە بەشەکانی تردا بە وردی دێینەسەری. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە ململانێ و یاخیبوون و دژی یاسا و ڕێسا ئاینیەکان لە ڕۆماندا کە لە لایەن کارەکتەرێکی سەرەکی ڕۆمانەکەوە ئەنجامدەدرێت زۆر جار دەیەوێت لە دەست ئاین ڕاکات، کە پێیوایە کۆت و بەند کراوە و لە ژیان سنوردار کراوە، بێگومان ئەمە ڕەنگدانەوەی هەمان ئەو حاڵەتەیە کە تاك لەناو کۆمەڵدا و لە واقیعدا هەستیپێدەکات، ئێمە پێمانوایە دینی ئیسلام خۆی یاسا و ڕێساکانی جوانن و مرۆڤ لە زۆر مەترسی ڕزگار دەکات،بەڵام ئەوە مرۆڤەکانن بە تایبەتی ئەوانەی کە خۆیان بە دەمڕاست و ئیماندار دەزانن، هەندێکیان بە شێوەیەکی توندڕەوانە ئاینەکە جێبەجێدەکەن و دەبنە لەمپەر لەبەردەم ئازادیەکانی تاك و کۆمەڵدا، بۆیە کۆمەڵگەی کوردی یەکێکە لەو کۆمەڵگانەی،کە ئاین ڕۆچووەتە ناو داب و نەریت و کولتوور و عادەتی ژیانی ڕۆژانە و تەنانەت تێکەڵ بە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە،بۆیە زۆرجار لە ژێر ناوی شەرەف و دەرچوون لە یاساکانی ئایندا تاك ڕووبەڕووی توندو تیژی و ململانێ و تەنانەت کوشتنیش دەبێتەوە، کە لە ڕاستیدا هیچ کاتێك ئاینی ئیسلام ڕێگەینەداوە بە کوشتنی ناحەق و زۆرە ملێ و ناچارکردن، ئەوە گرووپ و دەستە توندڕەوەکانن کە بوونەتە

هۆی دروستبوونی کێشە و ململانێ لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵدا و دەرئەنجام بە یاخیبوون و ململانێکردن لەگەڵ ئایندا کۆتایدێت، واتە تاك دەکەوێتە ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ یاسا و پێوەرە ئاینیەکان، کە پێیوایە ڕێگرن لە بەردەم ژیان و ئارەزووەکانی، بۆیە دەستدەکات بە قەدەغەشکێنی و بەزاندنی سنوورەکانی، بۆیە لێرەوە ململانێ و سەرکێشی لەنێوان پەیڕەوکارانی ئەم ئاینە و کەسی یاخی و قەدەغە شکێن دروستدەبێت، هەر ئەم دیاردەیەش لە ڕۆماندا بە ڕوونی لە ڕێگەی کارەکتەرەکانەوە ڕەنگ دەداتەوە و پەرە دەسێنێت .

**بەشی دووەم/ تەوەری یەکەم/ڕەنگدانەوەی ململانێی ئاینی لە ڕۆمانەکەدا:**

**1_ ململانێی ئاینی زەینەبی کوێستانی و قوتابخانەی تۆبەکاران لەگەڵ کارەکتەرەکانی تری ناو ڕۆمانەکەدا:-**

ئەگەر بڕوانینە ڕۆمان ئەوە دەبینین لە ئەنجامی ناکۆکبوون و ڕکابەری نێوان کارەکتەرەکان ململانێ دروستدەبێت،جا بەشێوەیەکی نهێنی بێت یان ئاشکرا، زۆرجار لە ئەنجامی هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و ڕۆشنبیرییەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە ئەگەر سەیری ڕۆمانی" ئێوارەی پەروانە" بکەین، ئەوا دەبینین ڕۆماننووس لە ڕێگای کارەکتەری (زەینەبی کوێستانی)یەوە، کە دەنگێگی شەڕ خوازە ململانێی ئاینی باسدەکات لەگەڵ کارەکتەرەکانی تری ڕۆمانەکە، زەینەب خاوەنی قوتابخانەیەکە بەناوی (قوتابخانەی خوشکە تۆبەکاران)، تیایدا کچان و ژنان لە خۆدەگرێت، کە هەریەکەیان بە هۆی تاوانێکەوە کە نەیانکردووە هێنراون بۆ ئەم قوتابخانەیە، بۆنموونە خوشکیان یان دایکیان ڕەدووی پیاوێك کەوتوون ئەمانیش بە بیانۆی پاکبوونەوە ی جەستەو دڵ و دەروونیان لەتاوان و زیناو شەیتان هێنراونەتە ئەم قوتابخانەیە، بۆیە (خەندان) یەکێکە لەو کارەکتەرانەی دوای ئەوەی( پور )ی دەیهێنێتەوە بۆ ماڵی باوکی ژیانی بەرەو چارەنوسێکی نادیار دەڕوات و باوك و پور دەینێرنە ئەم قوتابخانەیە، لەم قوتابخانەیەدا وانە ئاینی و یاسا شەرعییەکان و وانەی مراندنی جەستەو ئارەزوو حەزوو هیواکان دەوترانەوە، ساڵانێك (خەندان) بە ناچاری و ساڵانێك بە حەزی خۆی لەم قوتابخانەیەدا دەمێنێتەوە، لەوێ(فەتانەی غەمگین)دەناسێت کە خوشکی (میدیای غەمگینە)، بۆیە دەبێت تاوانی ڕەدووکەوتنی میدیا هەڵگرێت و لەم قوتابخانەیەدا بمێنێتەوە، بەڵام (فەتانەو خەندان) بە پێچەوانەی هەموو کچەکانی تری ئەم قوتابخانەیە دوودەنگی یاخین و ناحەقی قبوڵناکەن، دەکەونە ململانێ لەگەڵ( زەینەبی کوێستانی)، کە سەرپەرشتییان دەکات،ڕۆژدوای ڕۆژ لە ژێرەوە ململانێی یاسا ئاینی و وانەکانی (زەینەب) دەکەن،بەڕێگای جیاواز، سەرەتا لە کتێبخانەکەی قوتابخانەکەوە دەستدەکەن بە ململانێ لەگەڵ زەینەبی کوێستانی، بە چیرۆك دروستکردن و شاردنەوەی پەپولە لەناو کتێبەکاندا، دواتر بە گێڕانەوەی خەونی سەیر، کە دژی یاساکانی (زەینەبی کوێستانی)یە، تا لە کۆتایدا (خەندان) لە پاش ئەوەی کچەکانی نێو ئەو قوتابخانەیە تووشی حاڵەتی دەروونی و جەستەی دەبنەوە وەك ڕەشەبا توڕەدەبێت و قوتابخانەکە وێراندەکات، دەستدەکات بە خوێندنەوەی کتێب لەسەر ناسینی خودا و گەڕان بەدوای جەوهەری خودادا، کە لە تەوەری دووومدا بە جوانی باسمان کردووە، بۆ ئەوەی تێبگات ئەوەی (زەینەبی کوێستانی) دەیڵێت لەگەڵ ئەوەی لەلایەن خوداوەیە جیاوازی چیە، خودا جیاوازی،ئازادی، ڕەنگەکانی قبوڵکردووە بۆچی مرۆڤەکان ئاین خراپ بەکاردەهێنن ، خەندان دەڵێت:**"ئەو ماوەیەی لەماڵەوە ژیام، ژیان لە شاردا ڕۆژلەدوای ڕۆژ شێوەیەکی ترسناکتری وەردەگرت...خەڵکانێکی زۆر ماڵەکانیان...هەڕاجکرد...هەموویان دەیانویست خۆیان بگەیەننە قافڵەی ئەو پیاوانەی بەپێ لە دەشت و چیاو دەریاکان دەدەن...من ...بڕیارمدا هەرگیز ئەم شارە بە جێنەهێڵم و تا هەتا هەتایە لێرە بمێنمەوە...باوکم ڕۆژ لەدوای ڕۆژ...دەخزایە کونجی ئەو مزگەوتە تاریکانە...لەبەحری پاڕانەوەو زیکرو سەڵاواتدا وندەبوو بانگیدەکردم و دەیگوت: بەرلەوەی کار لە کار بترازێت، دەبێت چارەیەك بۆ تۆ بدۆزینەوە...دەمزانی ئەوانە قسەی خۆی نین، بەڵکو خەیاڵی ئەو خوشکە دەفژەنەیەتی ...پێیدەگووت: بیر لە چارەنوسی کچەکەت بکەرەوە ...ئەویش ڕەدووی پیاوێك کەوت، ئەوکات چۆن سەربەرزدەکەیتەوە"**.(عەلی،2007، 148-150)

خەندان دەبێتە قوربانی دەستی باوك و براو پورو كۆمەڵگە، چارەنوسی دیاریدەكەن و دەینێرنە (قوتابخانەی تۆبەكاران)، خەندان دەڵێت:**"من خەندانی چكۆلانە عەسرێكی فێنك جیهانم لێهەڵگەڕایەوە...باوكم ...پێیگووتم:خۆت بگۆڕە، كراسێكی ڕەشی درێژ لەبەركەو لەچكێك ببەستە و بابڕۆین، ئەوە یەكەمین جار و دواهەمین جاربوو تەنها لەگەڵ بابمدا بچمە دەرێ ...ئیدی لەو ئیوارەیەدا بابم و خێزانەكەم منیان دایە دەست ئەو تۆبەكارانە...دەستبەردارمبوون"**،(عەلی، 2007 ،148_150)، لە شوێنێكی تردا گێڕەرەوە باس لەقوتابخانەكە دەكات و (مەلا كەوسەر) كە دەنگێكی تری شەڕخوازە هەمیشە وتاری توندی دەربارەی كچان و ژنان دەدا ڕاگەیاندنی قوتابخانەیەكی ئاشكراكرد، كە دەبێت ئەو كچانە ببەنە ئەوێ كە لەتەنیشت دایك و خوشكی خراپەوە ژیاون یان خۆیان تاوانیان ئەنجامداوە، خەندانیش بە تۆمەتی هەڵگرتنی تاوانی (پەروانە)ی خوشكی دەبرێتە ئەو قوتابخانەیە، كە گوایە هەڵگری گوناحی پەروانەیە دەڵێت: **"مەلا كەوسەر دەیگووت:من نەهاتووم وەعزبدەم، هاتووم ئەم ڕۆحە خراپانە ڕزگاربكەم...لە گوناه و خراپەكان پاكیانبكەینەوە، كۆمەڵەیەك لە داوێنپاكیان لێدروستبكەین كە ڕێگای خراپەكاری نەگرن...تانەهێڵین خراپە زەفەر بەلەشە بچكۆلەكانیان و عەورەتە عاسیەكانیان بەرێت...من هاتووم لە ژێر سێبەری ئەم منارەدا دروستبوونی قوتابخانەیەك ڕادەگەیەنم بۆ ئەو كیژانەی ئێوە،ئەوكیژانەی لە خێزانی خراپ، لە ئامێزی دایكی خراپ،لەپاڵ خوشكی شەهوەتبازدا ژیاون و گەورە بوون "**. (عەلی،2007، 160_162 )

خەندان باسی ژیانی ئەو قوتابخانەیە دەكات كە چۆن كاریان لەسەر جەستەو حەزوو خولیاكان كردووە، چۆن شمشێری عەشق و ئاین و خەیاڵ ژیانی لێسەندووە و پەروانەی لێدابڕاندووە، بۆیە بە دوای سێبەری پەروانەدا دەگەڕێت و دەبێت بە حیكایەتخوان، خەندان دەڵێت: **"من خەندانی چكۆلانە ساڵانێكی دوورو درێژ لەو كۆمەڵەیەدا، لە گۆشەگیری قوتابخانە تاریكەكانیدا ژیام ...لەوێ فێربووم كە هەموو ئارەزووەكانم بمرێنم، لەوێ فێربووم لە تەنهایی و خامۆشی و بێدەنگیدا بژیم ...لەوێ تێگەیشتم من جیهانێكی خۆم نیە ...نە ژیاوم...لەگەڵ فەتانەی غەمگین و مەعسومەدا لە قوتابخانەی ئەو خوشكە تەنهایانە هاتینە دەرێ...تا ئەمڕۆ بۆ سێبەرەكانی پەروانە دەگەڕێم لە ژیانمدا... لەگەڵ سەربوردی خۆم و خوشكێكدا بڕۆم كە شمشێری عەشق و ئاین و خەیاڵ لەیەكدی جیاكردینەوە...هەرگیز چاوەڕوانمنەدەكرد ببمە حكایەتبێژێكی تەنها"**. (عەلی،2007، 162_163 ) خەندان وەسفی شوێنەكەدەكات كە چۆن ژنێكی سپی پۆش كە مەبەستی (زەینەبی كوێستانی)یە، لە حەوشەكە پێشوازیان لێدەكات و لەگەڵ كۆمەڵێك كچیتر هەموو بە بوخچەیەكەوە وەستاون تا دواجار لە ژێر ناوی پاكبوونەوەودووركەوتنەوە لە شەیتان و مراندنی ئارەزووەكانی ڕابردوو، هەموو جل و بەرگ و بوخچەكانیان دەسوتێنن و ژیانێكی نوێ لە قوتابخانەكە دەستپێدەكەن، خەندان دەڵێت:**"ئەوشەوە دوای تەواوبوونی دروستكردنی كۆمەڵەی خوشكە تۆبەكاران، من باوكم نەبینییەوە،بەڵكو سێ خاتوونی دیكە ...منیان ئابلۆقەدا ...بەرەو ماڵ گەڕاینەوە...یەكێكیان بەبرا گەورەكمی گووت: بۆكچێك لەم تەمەنەدا، هیچ شتێك لە ژوورێكی تەنها ترسناكتر نییە...یەكە یەكە دۆلابەكانیان كردمەوە،پارچەپارچە جلەكانیان دەرهێنام،تەنورەو كراسی قوتابخانە، گۆرەوییە درێژەكانم، جلەكانی ژێرەوەم هەندێ كراسی ڕەنگاوڕەنگ ...یەك دوو شووشە عەتری خاڵی چكۆلانە ،جلی گەڕانی هاوینان...ئەوانەیان هەموو خستە بوخچەیەكی گەورەوە،...پێیانگووتم بابڕۆین...من و سێ ژنی ڕەشپۆش ...بە ناو دەیەها كێڵگەدا دەڕۆین...دەمەوبەیان تارمایی ئاوەدانییەكمان لێدەردەكەوێت...لەبەردەم دیوارێكی سپی دا دەوەستین، ژنێكی سپیۆش دەرگایەكی ئاسنینی گەورەمان لێدەكاتەوە، دەچینە ناو حەوشێكی گەورە...یەكێك ...یەكەیەكە ناوەكانمان دەنوسێت...دواهەمین كچ دەگات و ...دەرگاكە ...دادەخرێت، دواهەمین كچ فەتانەی غەمگینە...دەڵێت:من ناوم فەتانەی غەمگینە، ناوەكەمت لە یادبێت ،ڕەنگە لێرە ناوەكانیشمان بگۆڕن "**(عەلی،2007، 188_192)

لێرەدا خەندان دەكەوێتە بەر ڕەحمی ئەو ژنە ڕەشپۆشانە كەدەیبەن بۆ قوتابخانەكە هەموو جل و یادگارییەكانی دەپێچنەوە و بە ڕێگایەكی تاریك و چۆڵدا دەیبەن تا دەگەنە دیوارێكی بەرزی سپی و دەرگایەكی ئاسنین، لە

حەوشەی قوتابخانەکە لەگەڵ چەندەها کچی تر کۆیاندەکەنەوە و جلەکانیان دەسوتێنن بە بیانۆی پاکبوونەوە لە گوناح و پیسێتی،(دەرگای ئاسنین،ژنی ڕەشپۆش،دیواری سپی) هەموو نیشانەی داهاتوویەکی ترسناکن،ڕەنگی ڕەش کە مەبەستی جلی حیجابی ژنەکانە،ڕەنگی سپی زۆر واتای وەك:( پاکبوونەوە،مردن)،دەگەیەنێت،دەرگای ئاسن نیشانەی ئەوە بووە شوێنەکە وەك زیندان بوو بۆ کچەکان.

لە شوێنێکیتردا (زەینەبی کوێستانی) دەردەکەوێت و هەموو بوخچەکانی کچەکان دەسوتێنێت، خەندان دەڵێت: **"لەو کاتەدا ژنێکی لەچك بەسەر دەرکەوتەوە و فەرمانیپێدااین بە خۆمان و جانتاکانمانەوە بۆ حەوشێکی دیکە لەپشتەوە دوایبکەوین...پێیانگووتین جانتاکانمان هەڵڕێژین...تورمانداية سەر ئەو تەبارە گەورانە، هەموو بە ئەڵقەیەکی گەورە لە دەووری ئەو دیمەنە دانیشتین، ژنێکی باڵا بەرزو تۆکمە بە خۆی و مانتۆیەکی شین و لەچکێکی سپییەوە هاتە پێشێ...گوتی: ئێوە ئەمڕۆ ژیانێکی تازە دەسپێدەکەن، چیتر هیچ شتێ بەکارناهێنن کە لە ڕابردوودا بەکارتانهێناوە، ئەمڕۆ کچی دونیایەکی ترن...هەموو شتەکان دەبێت پاکبن، دەبێت لەشمان،نیگامان،زەردەخەنەمان،...چونکە ئێمە منداڵی کۆمەڵێ خێزانین کە تاسەر ئێسك لە خراپەدا ڕۆچوون..گوناهی شەهوەتی خوشکوکانمان پێیپە،دەبێت خۆمان لە ئاگری ئەو شەهوەتە پاکبکەینەوە..ئەوژنەی ...قسەی بۆ دەکردین زەینەبی کوێستانی بوو... حیکایەتەکانیش دەیانگووت لە کەمەری بەرەو خوار یەك پارچە سە هۆڵە،بەڵام فەتانە دەیگووت هەمووی درۆیە ئەو ساردییەش ..پەیوەندی بە چاو و نیگا کردنییەوە هەیە ..پێیان ڕاگەیاندین کە ئەو لێپرسراوی ئەم قوتابخانەیە..لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاگرو بۆسوی جلەکاندا ...سوچی دەفتەری یادگارەکانم دەبینی دەسووتێت...لەبری توڕەیی ...خەندەیەکی ...تاڵ دەکەوتە سەر لێوم...ئەوژنەش دەیگوت: بۆ ئەوەی خاوێنیش ببنەوە دەبێت نەفرەت لەو ڕۆژانە بکەن کە نیمچە ڕووت بەکۆڵان و شەقام و شاراندا هاتوچۆتانکردووە،ئەوەی دەیەوێت پاکبێتەوە دەبێت لە جلەکانیەوە دەسپێبکات"**،(عەلی،2007، 192_196) ،لێرەدا (زەینەبی کوێستانی)بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەستدەکات بە مراندنی هەموو یادگاری و ئازادی و ئارەزووەکانی کچەکان و هەموو بوخچەکانیان دەسوتێنێت بە بیانۆی پاکبوونەوەو ڕزگاربوون لە شەهوەتی خوشکەکانیان ، زەینەبی کوێستانی بەهۆی بێڕەحمی و ساردی نیگاکانی خورافات لەسەری دروستکراوە گوایە سەرمایەکی زۆری هەیە خەڵك ڕەقدەکاتەوە، بەڵام ڕۆمانووس مەبەستی ئەوەیە بە هۆی وانەکانی و ئەو زیندانە دەروونی و جەستەیەی بۆ کچەکانی دروستکردووە هەموویان بەرەو ژیانێکی تاریك دەبات بووە نەك سەرمای ڕاستەقینە، بەڵام (خەندان) دەکەوێتە ململانێ لەگەڵی و خەندەیەك دەکەوێتە سەر لێوی کە خەندەی توڕەیی و ڕەق و یاخیبوون و حەسرەتی لەدەسدانی جل و یادگارییەکانێتی، کە بەزۆر ئەم کچانە ناچار دەکرێن جلی درێژ و ڕەش لەبەربکەن, لە کاتێکدا ئاینی ئیسلام ئازادی داوە بە مرۆڤ ژیانبکەن و ئازادبن.

زەینەبی کوێستانی ئاین بە جۆرێك دەناسێنێت کە نەك تەنها جل بەڵکو زمان و چاویش نابێت ئازادبن، دەبێت جل و بەرگی شەیتان فڕێبدەن ئافرەت هەموو لەشی لەزەتە، بۆیە دەڵێت: **"ئاینی ئێمە لەو ئاینانە نییە بە خەڵکی و بە ئومەتی ئیمانداران بڵێت بڕۆن کەیفتان بە چییە بیکەن...چی لەبەر دەکەن گرنگ نییە،چی دەخۆن گرنگ نییە..نا،ئاینەکەی ئێمە ڕووکنی سەرەکی و یەکەم و گەورەی ئەو سازدانەش بۆ ئافرەت لە جلوبەرگەوە دەسپێدەکات ...ئافرەت لەشی هەمووی لەزەتە،جل و بەرگ بۆئافرەت نیوەی ئیمانە...زمانی لەشە،زمانی ڕوح،زمانی ئارەزووەکانە...شەیتان لە وێنەی کراسێکی کورت یان بریقەداردا دەردەکەوێت،لە وێنەی پانتۆڵێکی ئارەزوو هەستێن...ئاین... پێماندەڵێت: لەشتان داپۆشن .شەیتانیش پێماندەڵێت:لەشتان ڕووتبکەن...ئەوەی دەسوتێت جل نییە بەڵکو شەیتانە"**،(عەلی،2007، 197_198)، فەتانەو خەندان و هەموو کچەکان دەبەنە مەخزەنێك جلی نوێ بە پێی یاساکانی قوتابخانەکە لەبەردەکەن و پاشان ژووری نوستنیان دەدەنێ، کە کۆمەڵێك شوێنی دەستنوێژو خۆ بسمیلکردن و پاکبوونەوە لە گوناحی تیادایە، جێگای خەوەکەیان تاریك و نائارامە، هەروەك خەندان دەڵێت:**"دوای خامۆشبوونی ئاگرەکە ڕیزیانکردین و بەرەو بەردەرگای مەخزەنێکی گەورە بردیانین**

**...لەوێ جگە لە دوو دەست مانتۆی شین و چەند لەچکێك، هەندێ نوێن و میتل و بالیفی تازەشیان داینێ...دواتر بە دالانێکی تاریك و درێژدا بەرەو نهۆمی دووەمی بیناکە سەرکەوتین...چەند سالۆنێکی گەورەگەورەی خوێندنیشی هەبوو، ڕیزێکی درێژ حەمامی داخراو دەستشۆری تایبەت بە دەستنوێژ...ژوورەکەی من و فەتانە ...هەمیشە تاریك بوو"،** (عەلی،2007، 199)، بۆیە ڕۆماننوس باسی ئەوە دەکات ئەگەرچی زۆر شت قەدەغە بوو لە( قوتابخانەی تۆبەکاران)دا، بەڵام فەتانە و خەندان وەك دوو کەسی یاخی ڕووبەڕووی یاساکان دەبنەوە، لە شوێنی دەستشۆرەکاندا نوسرابوو ئاوێنە قەدەغەیە، بەڵام فەتانە ئاوێنەی پێبوو بە نهێنی دەیشاردەوە بۆ ئەوەی سەیری خۆی بکات، چونکە سەیرکردنی خۆشت قەدەغەبوو، لەم قوتابخانەیەدا گرنگترین ئاوێنە ئاوێنەی ڕۆح بوو، بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: **"لەبەر دەستشۆرەکاندا ،لەوجێگایەدا کە دەبایە ئاوێنە هەڵبواسرایە، یەکێك بە خەتێکی گەورە نوسیبووی: تاکە ئاوێنە،ئاوێنەی ڕۆحە ...فەتانە لەتە ئاوێنەیەکی چکۆلانەی لە گیرفانی جبە درێژەکەی دەرهێناو گووتی: بڕوانە خەندان،دەبێت ئەم پارچە ئاوێنەیە بپارێزین، چونکە ئەوە تەنها شتێکە لە ڕێگایەوە خۆمان ببینین ...تێگەیشتم کە دروستکردنی نهێنی و ژیان ..ئارەزوویەکی سەیری فەتانەو زۆر کیژی دیکەی قوتابخانەکەیە...ئارەزوویەك بەسەختی بەر شەریعەتی تۆبەکردن و یاساکان دەکەوت"**.(عەلی،2007، 202_203)

**2_ململانێی زەینەبی کوێستانی بۆ شاردنەوەی ئارەزووەکانی جەستە و زمان و چاوی کچان و ژنان:**

زەینەبی کوێستانی ڕۆژانە لەم قوتابخانەیەدا کار لەسەر شاردنەوەی جەستە وزمان و چاو و هەموو ئارەزووەکانی کچەکان دەکات، بە وتارە ئاینی و بیرکردنەوەکانی هەمیشە جەخت لەسەر پیسی و پاکبوونەوە دەکات، هەموو ئەوانەی کە خوێندکارن لەبەردەستیدا وایان لێدەکات وا هەستبکەن کە جەستەیەکی پیسیان هەیە، ڕووحێکی پیسیان هەیە دەبێت پاکیبکەنەوە، بۆیە دواتر هەموو کچەکان تووشی حاڵەتی بسمیلکردن و پاکبوونەوە دەبن، بەڵام خەندان و فەتانە بە پێچەوانەی کچەکانی تر ڕۆژبە ڕۆژ ململانێی زەینەب دەکەن، بە زیرەکی و چاونەترسی خۆیان، بۆنموونە لێرەدا گێڕەرەوە باسی بیرکردنەوەکانی زەینەب دەکات: **"بۆ ئەوەی تۆبە بکەین ،دەبێت لە تۆبە بگەین،...دەبێت لە ڕۆح و جەستەمانەوە دەستپێبکەین.سەرەتای هەموو سەرەتاکان مراندنی جەستەیە،ئەوەی ناتوانێت لەشی خۆی زیندانبکات، ناتوانێت تۆبە بکات،لەو ڕۆژە کە مرۆڤ بیر لە جوانی خۆی دەکاتەوە، جوانی خودا لەبیر دەکات، جوانی ڕێگای یەکەمە بەرەو لەزەت،ئەوەشی لەزەتی لە پاکی لا گرنگتر بێت ،گوناهبارە...هیچ شتێ بۆ ئافرەتێکی ئیماندار لەوە گرنگتر نییە کە خۆی نەبینێت و تەنها چاو لە ئاسمان ببڕێت، پێویستی بە ئاوێنە نەبێت،...پیاوانی خەتاکار یەکەمین جار سەیری چاوی ئافرەت دەکەن...ئێمە...دەبێت سەیرکردنەکانتان لە هەموو شەهوەت و غەمزەو دەلالێك پاکبکەینەوە...بۆنی جەستەتان بکوژن...هیچ شتێك لە زمان ترسناکتر نیە، بە یەك وشە بێئیمان و ئیماندار لە یەکتر جیادەبنەوە"**،(عەلی، 2007، 237_239)، واتا بە پێی زەینەبی کوێستانی بێت ئاین بە جۆرێك پیشاندەدات کە تامی ژیان نابێت بکرێت، تەنانەت هەموو چێژەکان دەبێت لە ناوببرێت،بۆ ئەوەی بەهەشت بەدەست بێنین، ژیان وەك زیندانییەك پیشانی کچەکان دەدات.

خەندان وەك ململانێ و ڕقێك بەرامبەر زەینەب نهێنی ماڵی پور و پیاوەکانی ماڵی پور کە بە نهێنی دەهاتنە ماڵی پور دەدرکێنێت ،واتا دوای ئەوەی زەینەبی کوێستانی یەکەیەکە لەژیان و چیرۆکی کچەکان دەپرسێت و باسی دایکە ئەتککراو و خوشکە ڕەدووکەوتووەکانیان دەکات خەندان نهێنی ماڵی پوری ئاشکرادەکات خەندان پێیدەڵێت: لەماڵی پوری لەگەڵ پیاو خەوتووە، زەینەبی کوێستانیش ململانێ لەگەڵ (خەندەکانی) خەندان دەکات و ئەو پێکەنینە بە دژی ئاین و یاساکان دەزانێت، بۆیە دەڵێت: **"دەبایە یەکە یەکە بەسەرهاتی ژیانی خۆمان بگێڕینەوە،حیکایەتی دایە ئەتککراو و خوشکە ڕەدووکەووتوەکانمان بخەینە بەردەستی، کەهاتە نۆبەتی من بەسەرهاتی ئەوشەوە عاجباتیانەی پورم بۆ گێرایەوە،..ئەوبەردەوام لێیدەپرسیم: ئەو پیاوە ڕاستی بوو یان خەیاڵ، شەهوەتێکی ڕووت بوو ...یان زوڵمەت بوو؟من دەمگووت:...هەرسێکیان بوو زوڵمەت بوو، شەهوەتی**

**من بوو،لەشێکی ڕاستەقینە...بوو...هەستمکرد بە دەنگی کچێکی سەرکێش قسەدەکەم، هەمیشەش ئەو خەندە سەیرە لەسەرلێوم بوو...ئەو دەیگووت: خەندەکانیشت...خەندەیەکە لەپشتییەوە گاڵتەجاڕییەکی قووڵ دەبینم، گاڵتەجاڕی بە جیهان، بە مەخلوقات،بە خودا...دەبێت لە کوشتنی ئەوخەندانەوە دەستپێبکەین".**(عەلی،2007، 241) ، خەندان لەشوێنێکی تردا سەرکێشی یاساکانی قوتابخانەکە دەکات( پیاوی ڕەیحانە) کە لەماڵی پوری لەگەڵیدا خەوتبوو لە قوتابخانەکەش دەردەکەوێت، بۆیە خەندان جەستەی دەجوڵاو شەهوەتی دەجوڵا، هەموو بەیانییەك بۆ زەینەبی کوێستانی دەگێڕێتەوە زەینەبیش پێیوایە ئەو پیاوە ڕاستی نیە خەیاڵ و ئارەزووەکانی خەندانە، بۆیە نوێژی زیاتر بە خەندان دەکات، وتنەوەی وانەکانی پاکی و پیسی وای لە کچەکان کردبوو هەموو هەست بە پیسێتی خۆیان بکەن. هەروەك گێڕەرەوە دەڵێت:**" وانەیەکمان هەبوو لەسەر شێوەی دەرکەوتنەکانی شەیتان،...وانەیەکیش...لەسەر جیهانی ناوگۆڕو وەسفی دۆزەخ، فەلسەفەی زەکات و....چۆنییەتی وسڵدەرکردن وبسمیلکردنی شتەکان....دووبارەبوونەوەی هەمیشەی ئەوشتە پاکی...پاکی لەڕۆحی هەمووماندا هەستێکی سەیری دروستکردبوو، هەموو هەستمان بە پیسێتی دەکرد...من لەو شەوانە سێبەری ئەو پیاوە گەڕایەوە ژیانم...ئەو پیاوەی ...لە تاریکییەکانی ماڵی پور ...لەگەڵیدا خەوتبووم...هەستمدەکرد لەشم بیردەکاتەوە...ئەو بۆن ڕێحانەیەی لە داڵان و ژوورەکاندا بڵاودەکردەوە...من دوای ئەوبۆنە دەکەوتم...زەینەب هیوای وابوو...نوێژکردنی بەردەوام ئەوخولیایانە لەسەرمدا بسڕێتەوە".** (عەلی،2007، 243-246)

## 3_ململانێی ئاینی فەتانەو خەندان لەگەڵ زەینەبی کوێستانی لە کتێبخانەی قوتابخانەکەدا:

زەینەبی کوێستانی (فەتانە و خەندان) دەنێرێتە کتێبخانەی قوتابخانەکە بۆ ئەوەی کتێبەکانی بۆ فەهرەست بکەن و بیرکردنەوە یاخییەکەیان تێکەڵ بە کچانی تر نەبێت، بەڵام خەندان و فەتانە لەم کتێبخانەیەشدا ڕێگایەکیتر بۆ ململانێی یاساکانی زەینەب دەدۆزنەوەو دەستدەکەن بە کۆکردنەوەی پەپولە، کە هێمای جوانی و عەشق و بەردەوامییە، زەینەب لە ژێر ناوی ئایندا هەمووی لێقەدەغەکردبوون،خەندان دەڵێت: **"ئەوشەوە من و فەتانەو دوو کیژی دیکەیان جیاکردەوەو کەوتینە ڕێکخستنی کتێبەکان...فەتانە هەموو ژیانی لەبەردەم زنجیرە میسرییەکاندا بردبووە سەر".** (عەلی،2007، 248 ) دەرکەوتنی پەپولەکان لە کتێبخانەکەدا خۆشترین نهێنی ژیانیان بوو، بەڵام نەدەبوو زەینەب بزانێت، خەندان دەڵێت:**"ڕۆژێك کە کتێبخانەکە ...چۆڵ بوو ...من بەشەوقەوە گوێم بۆ یەکێ لە حیکایەتەکانی فەتانە گرتبوو...لە ناکاو چاوی بڕییە جێگایەکی سەیر لە قوڵایی کتێبخانەکەدا و بە دەنگێکی خۆشحاڵ گوتی: خەندانی چکۆلە ...پەپولەیەك لە کتێبخانەکەدایە...فەتانە پەپولەکەی خستە ناو یەکێ لە کتێبەکانی تەفسیرەوە و کتێبەکەی لەسەر داخست...ئەو پەپولەیە تاکە پەپولە نەبوو لەو قوتابخانەیە...لەکوێوە دەهاتن ...لەم پایزە ساردەدا دەردەکەوتن، تەفسیرێکمان نەبوو...ئەوپەپولانە بوونە گەورەترین نهێنی ژیانمان"،** (عەلی،2007، 287_2889)،خەندان وفەتانە دەستدەکەن بە گێڕانەوەی خەوی سەیرو ململانێ لەگەڵ زەینەبی کوێستانی و وێرانکردنی قوتابخانە،دوای ئەوەی لەم قوتابخانەیەدا زۆرێك لە کچەکان تووشی ململانێی دەروونی دەبن و خۆیان دەسووتێنن، چیتر خەندەی سەر لێوی خەندان نامێنێت، تاماوەیەکی زۆر ناگەڕێتەوەسەر لێوی،بەڵام ئەم زووڵم و زۆردارییە هیچ لە وتارەکانی زەینەبی کوێستانی ناگۆڕێت، بەردەوام دەبێت لەسەر تاوانبارکردنی کچەکان هەموویان وادەزانن گوناحبارن، بەڵام خەندان بیردەکاتەوە دەبێت یارییەك لەگەل زەینەب بکات بۆ ئەوەی هەموو کچەکان ڕزگاربکات، بۆیە لەگەڵ فەتانە بە گێڕانەوەی خەونی سەیرسەیر زەینەب شێت دەکەن و بە خەونی ترسناك و جوانی سەر لە زەینەب دەشێوێنن و زەینەب ئەو خەونانە بە شەهوەت ناودەبات و چونکە جوانی لە یاساکانی ئەودا جێگای نابێتەوە،دواتر خەندان وەك ڕەشەبا توڕەدەبێت و قوتابخانەکە وێران دەکات،دەڵێت: **"من دەمزانی غەم و توڕەیی خەندەکانمی کوشتووە...زەینەب بانکیکردم و گومانی خۆی دەرهەق بەو ڕووخسارە تازەیەم خستەڕوو، هیچم نەدرکاند، گوتم سووتانی لەیلا هەموومانی پەرێشانکردووە...لەدوای ئەو شەوە، هەستدەکەم هەموومان گۆڕاوین...زەینەب لەجاران...توندتربوو لەگەڵماندا...دەیگوت: ئێوە چین؟چ ئیبلیسێك ڕەگی لە دەروونتاندا**

**داکووتاوە؟... دەنگێك لە ڕۆحمدا پێیدەگوتم کە دەبێت لێرە بەدواوە ئەویارییە بکەم کە پێشتر هەموو مرۆڤەکانی دی کردوویانە، تا پاشماوەکانی ئەو مەخلوقەی کە پێیاندەگوت خەندان لە بەحری ئەو هەموو ترس و خەونانە ڕزگاربکەم....من شەوانە هەموو فەنتازیاکانی خۆم بەکاردەهێنا بۆ ئەوی خەونی ئەوتۆ دروستبکەم کە چیدی زەینەب گومانی لێنەکات،..دەکەوتمە دروستکردنی جانەوەری خەیالّی...خەونی سەیرسەیر لەسەر پشیلەی فرەسەر،گوربەی سوورو ئاگراوی، ئەژدیهای پێکەوە نووسا...بەڵام زەینەب بە گومانێکی قووڵترەوە دەیڕوانی و دەیگوت:زۆرجار شەهوەتەکان خۆیان دەگۆڕن بۆ شێوەی جانەوەر...دواتر خەونەکانم پڕدەکرد لە گوڵ و باغ...زەینەب...دەیگووت :ئەم مەملەکەتە جوانانە چیدەکەن لە خەونەکاندا...هیچ نرخێکی تایبەت بۆجوانی دادەنێیت؟"** (عەلی،2007، 318_ 321) ،بۆیە لە شوێنێکی تردا بە یارمەتی فەتانە خەونەکان ئاڵۆزتردەکەن و جۆرە خەونێك دەگێڕنەوە تەفسیر نەکرێت، سوود لەو کتێبی تەفسیری خەونانە دەبینن کە لە کتێبخانەکەیە، هەروەك خەندان دەڵێت: **"دەبایە خەونەکانم ئاڵۆزترو تێکچڕژاوتر بکەم...فەتانە یەکەمین کەس بوو ئەو دەرگایەی بۆ دۆزیمەوە...گووتی: باشترین شت ئەوەیە خەونی ئەوتۆ ببینین کە تەفسیر نەکرێت...کەوتینە تەماشاکردنی هەموو ئەوکتێبانەی لەسەر تەفسیری خەون بوون...فەتانە خەتی بەژێر ئەو دێڕانەدا دەهێنا کە بەلایەوە گرنگبوون...دەیگووت:من خەونم بە پەتی سێدارەیەکەوە بینیوە...چەندەها پەپولەی ڕەنگاوڕەنگ بەسەریەوە نیشتوونەتەوە ...دواتر من باسی فولکەیەکی خاڵیم کرد کە بەفر بەسەریدا دەبارێت و دوای خۆر هەڵدەکات، لە ناکاو فولکەکە پڕدەبوو لەباڵندە و ڕێبواران و لەناکاو دەبوو بە چۆڵەوانییەکی گەورە ..پێدەچوو ئەو جۆرە خەونانە بەخەیاڵەکانی زەینەب سەیربێت..ئەوە سەرەتای سەرلێتێکچوونە گەورەکانی ئەو بوو...فەتانە دەیگوت: خەونم بە گورگێکەوە بینیوە مانگ لە ژوور سەرییەوە بوو،گورگێك بە ناو ڕەزو باغ و بێستانەکاندا ڕایدەکردو مانگیش لەتەکییەوە دەڕۆیشت"** (عەلی، 2007، 322_339)،ئەم دووکارەکتەرە دەکەونە ململانێ لەگەڵ زەینەب بە جۆرێك خەونەکانیان تەفسیر ناکرێت، بۆنموونە پەتی سێدارە و دەرکەوتنی پەپولە مەبەستیان ئەوەیە هەرچەندە بتەوێت بە هەڕەشەو سێدارە بمانترسێنیت پەپولە دەردەکەویت، واتا جوانییەکان هەرماون و عەشق ماوە، فولکەی بەفرو هەڵکردنی خۆر و تێکەڵکردنی ئومێدو مردن و هیوایە، ڕەنگی بەفر نیشانەی ترس و مردن و خۆریش نیشانەی هیواو ئاواتە،گورگ و مانگ نیشانەی ترس و دڕندەیی و لەپاڵ ئەوەشدا جوانی مانگ و ڕووناکی دەردەکەوێت واتا ئازادی، لە شوێنێکی تردا خەندان دەڵێت: **"خەونم بە ڕەشەباوە بینیوە،ڕەشەبای خاڵی لەهیچ شتێك، ڕەشەباکە بەسەرخاکە بۆرو بەیارەکانی دونیادا هەڵیکردووە"** (عەلی،2007، 323)،ڕەشەبا نیشانەی توڕەیی و بەکژداچوونەوە و ترساندنی زەینەبە هەروەها پەیامی شۆڕشی بە گژداچوونەوەی یاساکانی زەینەبە.

**4_ئێوارەیەکی ترسناك بۆ فەتانەو خەندان و ئاشکرابوونی خەونەکانیان:** زەینەبی کوێستانی

هەموو مامۆستاکان کۆدەکاتەوەو بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستی خەونەکانیان بزانێت بیرکردنەوەی خۆیانە یان ڕاستی، فەتانە ئێوارەیەك دەستدەکات بە گێڕانەوەی چیرۆك کە دژی یاساکانی قوتابخانەیە بە دەنگی بەرز باسی کچی پاشادەکات، کە چۆن کوڕێك لەناو کچە کەنیزەکەکاندا دەشارێتەوە و شەوان لەگەڵی دەخەوێت، تابێت دەنگی بەرزدەکاتەوەو بەردەوام پەپولە کۆدەکاتەوە و دەیخاتە ناو کتێبەکانەوە، زۆرجار بیری دەچێت لە کوێ دایناون، هەرچەندە خەندان دەڵێت: دەنگت نزمبکە ئاشکرا دەبین، بەڵام گوێناگرێت تاوەك هەموو شتێك ئاشکرا دەبێت ،خەندان دەڵێت: **"زەینەب..ئەوەی مەبەستە ، تێبگات ئایا خەونەکانمان ڕاستن یاخود درۆ؟..ئەو لەوە دەترسا ئێمە لە نێوان کوفرو ئیماندا ڕێگایەکمان گرتبێت کە تولە ڕێیەکی نەزانراو تاریك بێت و ئەو لێیتێنەگات، ئەو فەلسەفەی ئامۆزشەی کە خۆی باوەڕپێیەتی شتێکی دی بخولّقێنێت جیاواز لەوەی خۆی....فەتانە بەردەوام پەپولەی جۆراوجۆرو سەیرسەیری دەدۆزییەوە ...هەندێکجار لە بیریدەکرد کە پەپولەکانی خستۆتە نێوان چ کتێبێکەوە...ئێوارەیەکی زۆر سارد...من و فەتانە ...چووینە کتێبخانەکە...فەتانە کتێبێکی تەفسیری خەونی گرتبوو بەدەستییەوە و ...دەسوڕایەوە، حکایەتی ئەو کچە پادشایەی دەگێڕایەوە کە لەنێوان کەنیزەکچەکانیدا کوڕێك لە جلی کچدا دەشارێتەوە ،تا شەوان لەگەڵیدا بخەوێت..لەزەتی گێڕانەوە سنووری هەموو مەترسییەکانی لەلا دەشکاند..گوتم: فەتانە بە سووکی بەڵام ئەو دەیگوت: بایەك جار حکایەتێك بە دەنگی بەرز**

**بگیڕمەوە ...لەو کاتەدا زەینەب لەبەردەمیدا دەکەوت..زەینەب ڕەنگی سپی بوو...هاواری لە هەموو مامۆستاکان کرد و ئەوانیش لە چاو تروکانێکدا لەسەرمان حازربوون،...تێگەیشت ئێمە لەم کتێبخانەیەدا بەدوای یاساکانی خەوندا دەگەڕێین...یەکەم پەپولەی دۆزییەوە...پارچە ئاوێنەکەشیان دۆزییەوە ...زەینەب...دەیگوت: من فێری ئیمانم کردوون و ئەم دووگوناهبارە، فێری دەمامکسازی بوون".**(عەلی،2007، 324_328 )

### 5_ململانێی ئاینی خەندان لەگەڵ زەینەبی کوێستانی و وێرانکردنی قوتابخانەکە:-

دوای ئەوەی زەینەبی کوێستانی هەموو خەون و هیواکانی خەندان لەناودەبات و پەپولەکان هەڵدەوەرێن و جل و بەرگ و جێگا خەوی( فەتانەو خەندان) لە ناو حەوشەکەدا دەسووتێنن و بە نیمچە ڕووتی بە پێوە دەیانوەستێنن، خەندان وەك دەنگێگی یاخی ئەم ناحەقییە قبوڵ ناکات و وەك ڕەشەبا بە گژ یاساکان و قوتابخانەکەدا هەڵدەکات و هەموو شتێك کتێب و کەلوپەلی قوتابخانەکە بەسەر یەکدا دەدات و ئەو دەنگە خنکاوەی ناخی دەهێنێتە دەرەوە، لێرەدا ڕۆماننووس باس لەو کەسانە دەکات کە ئاین خراپ بەکاردەهێنن بۆ ئازاردانی خەڵکی، خەندان وەك دەنگێکی یاخی ئەو زوڵمە قبوڵناکات و بە گژ ئەو یاسایانەدا دەچێتەوەو کچەکان ڕزگاردەکات، **"پەپولەکان هەڵدەوەرینە سەر زەوییەکە و هەموو پێیان پێادەنان...زەینەب هاواریکرد: سەیری کەرەستەی سیحر بکەن ...لەتۆبەخانەی یەکەمی وڵاتدا ...فەرمانیدا جلەکانمان لەبەردا داماڵن،چونکە ئەو جلانە جگە لە جبەی شەیتان هیچی تر نین...مامۆستاکان ...دەیانگوت: استغفرالله العظیم،من کل زنب عظیم ...دەیانگوت: شەیتان پەلاماری قوتابخانەکەیان داوە دەبایە بە پێخاوسی لەسەر بەفرەکە بوەستین،...زەینەب نەوتی کرد بە بالیف و جلەکاندا ...قورئانێکی چکۆلانەی لە سنگیدا دەرهێناو ئایەتەکانی تۆبەو لێبوردنی بە دەنگێگی بەرز دەخوێندەوە...هەستم کرد هێندە تورەم دەتوانم هەموو شتەکان ئاوەژۆ بکەمەوە...دەمیقیژاند: بۆ دەبێت لێرە بژین...لەچی تۆبە بکەین؟...دەمبینی بایەکی بە هێز دەرگاکە دەدا بەیەکدا...بەرەو کتێبخانەکە دەکشا، بەرەو ناو ڕاڕەوەکان،...ناو ژوورەکان دەمگووت:زەینەب،بۆ پەپولەکانت برد...وەرە دەرێ،کوا پەپولەکانم..ڕەشەباکە زیاتر هەڵیدەکرد...هەموو شتەکانی لەگەڵ خۆیدا دەبرد،کتێبەکان لە قەفەزەکانیان دەکەوتنە خوارێ...جلەکانی دەفڕاند...ڕەفتەی کچەکانی دەفڕاند...ئەوەی دەمویست... تەنها دەنگێکی خنکاو بوو."**(عەلی، 2007، (335_329

### تەوەری دووەم/تێگەیشتن لە حەقیقەتی ئاین و ململانێی ئاینی خەندان بۆ گەیشتن بە ناسینی جەوهەری خودا:

کاتێك ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە )دەخوێنینەوە وا دەبینین ڕەخنە لەئاین و یاسا شەرعییەکان دەگرێێت، بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس مەبەستی ئەو کەسانەیە کە ئاین خراپ بە کاردەهێنن و لە ژێر ناوی ئاین و هەندێك لەو یاسایانەی کە وەزارەتی ئەوقاف و مەلاو شێخەکان دەریدەکەن و دەیسەپێنن بەسەر تاکدا، زۆرجار تاك والێدەکەن بکەوێتە ژێر فشاری هەستکردن بە تاوان و گوناح و پیسێتی و بە هیچ شتێك پاك نەبێتەوە یان وا هەستدەکات خودا لێی خۆشنابێت، واتا ڕۆماننووس مەبەستی ئەوەیە کەسانێك لە ژێر ناوی ئایندا خوای گەورە وەها نیشاندەدەن هەمیشە لە بۆسەدا بێت بۆ تۆڵەکردنەوە و ئازاردان و گەرمکردنی ئاگری دۆزەخ بۆ مرۆڤەکان، بەڵام لە ڕاستیدا ڕۆماننووس حەقیقەتی پاکی و جوانی یاساکانی خوداو ئاین و پێکەوە ژیانمان بۆ دەردەخات، ئەوە دەخاتە ڕوو ئەگەر لە جەوهەری خودا تێبگەین و بە ڕاستی لە گەردووندا بەدوای ناسینی خودادا بگەڕێین تێدەگەین، کە هەرگیز خودا دژی ئەوە نەبووە مرۆڤەکان ئازادبن و حەزو هیوای جیاوازیان هەبێت و ڕێگای جیاواز بۆ حەزەکانیان بدۆزنەوە، چونکە خودا دونیای بە چەندەها بونەوەرو ڕەنگی جیاوازەوە دروستکردووە، بۆیە مرۆڤیش کە دروستکراوی خۆیەتی ئاساییە هەڵەبکات و ڕێگای نوێ و جیاواز تاقیبکاتەوە، نابێت بکوژرێت، ڕۆماننووس لە ڕێگای کارەکتەری گێڕەرەوەوە (خەندانی چکۆلانە)ئەم تێگەیشتن لە ئاین و خودایە زۆربە جوانی دەخاتە ڕوو، بۆنموونە خەندان لە( قوتابخانەی تۆبەکاران)دا لە ژێر فشاری قسەکانی

(زەینەبی کوێستانی)دا هەمیشە واهەسدەکات کە خۆی کەسێکی تاوانبارەو و تاوانی خوشکەکەی هەڵگرتووە پێویستە تۆبەبکات، بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە دوای ناسینی جەوهەری خودادا دەگەڕێت، تا وایلێدێت دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ زەینەبی کوێستانیدا لەسەر ئاین لە نێوان خراپ بەکارهێنانی ئاین و حەقیقەتی ئایندا،ئەوڕاستییە ئاشکرا دەکات کە ئاین زۆر لەوە جوانترە ،کە کەسانێکی وەك زەینەبی کوێستانی بە و کچانەی ناساندووە، کە لە (قوتابخانەی خوشکە تۆبەکاران)ن،بۆیە دژی هەموو ئەوانە دەوەستێتەوە، کە تەنها پشت بەو کتێب و یاسایانە دەبەستن ،کە کەسانێك لە ژێر ناوی ئایندا مرۆڤەکانی پێپیسدەکەن و هەستی خۆ گوناحبارکردن لە دەروونی تاکدا دەچەسپێنن،هەروەك خەندان دەڵێت: **"من چەندین سەعات لەسەر جێگاکەم دەمامەوە و بیرم لە دونیا دەکردەوە، ئەو بیرکردنەوانەش وای لێکردم لە جەوهەری خودا ڕابمێنم...بیر لە دونیا و جوان و خوڵقاندن و نهێنییەکانی مرۆڤ دەکەمەوە، بەڵام هەمیشە لەنێوان ڕاستی خودایەکدا کە دەمبینی هەموو ئاڵۆزییەکانی گەردوونی پێکەوە گونجاندووە و هەمە ڕەنگییەکانی خوڵقاندووە و یەك لەتەك یەکەوە دایناون لەگەڵ خودایەکدا کە سزایەکی خوێناوی بۆ ئارەزووە بچوك و سادەکانی مرۆڤ ئامادە دەکات سەرم لێدەشێوا زۆر گومان و دوودڵی دەیکوشتم"**، (عەلی،2007، 365)، ئەگەر سەیری ئەم بیرکردنەوانەی خەندان بکەین دەبینین خەندان بە دوای ڕاستی و حەقیقەتی خوداو ئایندا دەگەڕێت بەلایەوە سەیرە کە خودا دونیای بەو هەمەڕەنگییەوە دروستکردووە چۆن سزای مرۆڤ لەسەر ئارەزووی و شتە سادەکانی ژیانی دەدات، بۆیە پرسیارەکانی دەخاتە بەردەستی مامۆستاکەی کە هەر ئەو مامۆستایە ئاینی لە دڵ و دەرونیدا بە خراپ تێگەیاندووە،دەڵێت: **"دەبایە شەوێك ئەو هەموو پرسیارانە بخەمە بەردەستی ئەو،شەوێك بچمە خەڵوەتی زەینەبی کوێستانی...پرسیارەکانی من دەربارەی خودا و خەلیقەت وشەریعەت و یاساکانی سروشت،زۆرجار لە هەمان ئەو وانانەوە وەرگیراون کە مامۆستاکانمان پێیاندەگوتین، بەڵام من بە شێوەیەکی دی تەفسیرمدەکرد...زەینەب بەوردی چاودێری...منی دەکرد...بەڵام ڕۆژان تێپەڕی و ...زیاترو زیاتر دەگەیشتمە بینینی یەزدان بەو جۆرەی کە لەگەڵ ڕاستی مرۆڤ و سروشتدا بگونجێت...من ...تەنها لە عیبادەت و نوێژو ...لەبەرکردنی ئایەتەکاندا بۆ خودا نەدەگەڕام...بەڵکو پێموابوو خوا لە مانای کۆی گەردوندا و لە جەوهەری هەمەڕەنگی دونیادا خۆی بەرجەستە دەکات"**، (عەلی،2007، 366)، واتا خەندان دەستدەکات بە گەڕان بۆ ناسینی خودا کە لەگەڵ سروشت و مرۆڤدا بگونجێت تەنها لە کتێبە ئاینی و وانە ئاینییەکاندا ناگەڕێت، بەڵکو لە کۆی ئەو هەموو جیاوازییەی گەردووندا بۆخودا دەگەڕێت، بۆیە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە خودا دژی پێکەوە ژیان و خۆشەویستی نییە، هەروەك دەڵێت: **"لەشەوێك لەشەوەکانی سکاڵاو گفتوگۆدا لەگەڵ زەینەبی کوێستانیدا، پێمگوت: مامۆستا،شەریعەتی خودا پێچەوانە و دوژمنی ئەو جەوهەرە نییە کە خودا وەکو یاسا لەناوگیان و ئارەزوو و بیرکردنەوەو غەریزەکانماندا جێیدەهێڵێت...جەوهەری خودا لە ناو ئەو یاسا ژێرەوانکێ و نادیارو بە هێزانەدایە کە وادەکات مەخلوقاتەکان ژیانیان خۆشبوێت،هەرشتێك بمانباتەوە سەر خۆشەویستی ژیان خوداییە"**، (عەلی،2007، 367)، واتا کاتێك لە خودا گەیشتن تێدەگەین کە یاساکانی خودا دژی خۆشەویستی و پێکەوە ژیان و حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ نییە،ئەمە بۆخۆی ململانێی خەندانە لەگەڵ زەینەب و ئەو یاسایانەی کە کەسانێك بە ناوی ئاینەوە دایدەنێن، لە شوێنێکی تردا خەندان باس لە (ئادەم و حەوا) دەکات کە لەبەهەشت دەرکران دەڵێت: نەفرەت لێکراونەبوون، بەڵکو ئادەم و حەوا ڕێگایەکی تریان تاقیکردەوە، واتا مەبەستی ئەوەیە زەوی شوێنی جیاوازییەکان و حەزو ئارەزووی جیاوازە، بەڵام بەهەشت وجودی یەك شتە، کەواتا ئەوەی (پەروانە) کردی کە ڕایکرد لەدەست خێزان و سیستەمەکان تاوان نەبوو، بەڵکو تاقیکردنەوەی ڕێگایەکی جیاوازتربوو بۆ گەیشتن بە ئازادی و ژیان هەروەك خەندان دەڵێت: **"ئادەم و حەوا لەبەهەشت شتێك فێربوون، دیوارێکیان شکاند نهێنیەکیان دۆزییەوە،دەرکردنی ئادەم وحەوا لەبەهەشت نەفرەت لێکردن نەبوو، چونکە خودا هەرگیز مرۆڤی وەکو شەیتان تەماشا نەکردووە...ئەم زەوییە بۆ ئادەم ئەو جێگایە بوو کە دەبوایە تیایدا درێژە بە ئەزموونەکانی خۆی بدات...خودا تواناکانی مرۆڤ لەسەر ئەزموونکردن و دۆزینەوەی تاقیدەکاتەوە،بەهەشت...وجود تیایدا یەك ڕەنگ بووە، بەڵام زەوی شوێنی توینێتی یە...من مردنی پەروانە و میدیا وەکو مردنی کەسانێك دەبینم کە ڕێگایەکی دیکەیان تاقیدەکردەوە...خودا لەوکاتەوەی مرۆڤی دروستکردووە، گیانی گەڕانی بۆ ڕێگایەکی تر، جێگایەکی تر، ژیانێکی**

**تر تیاچاندووه،ئارەزووی فڕین، ئـازادی ،بەویستێکی خودایـانە دەبینم."** (عەلـی، 2007،-367)،واتـا مەبەسـت لەوەیە زۆرکەس لە خودا نەگەیشتوون هەروەك(فەتانە) دەیگوت:**"ئەمە مانای ئەوەیە، هەزاران هەزاران کەس، هەزاران ئیماندار، نەیانتوانیوە بە وردی لە جەوهەری خودا تێبگەن..."**.( عەلی،2007، 368)

خەندان دوای ئەوەی دەکەوێتە بیرکردنەوەی قووڵ لەمانای ناسینی خودا (زەینەبی کوێستانی) جارێکیتر خەندان دەنێرێتە ناو کتێبخانەی تۆبەکاران و لەوێ (م.شەوگار) دەناسێت،کە چەنـدەها کتێب و چیرۆکـی بۆدەهێنێت،بە نهێنی، بۆیە خەندان لەگەڵ (م.شەوگار) گفتوگۆدەکات دەربارەی هەمەڕەنگی گەردوون و جیاوازییەکان کە خودا مافی داوەتە ئاژەڵ و هەموو بونـەوەران چۆن ماف ناداتە مرۆڤ ئازادبێت ئەگەر هەڵەیەك بکات لێی دەبوورێت، چونکە گەردوون خۆی لە سوڕانەوەدایە، بۆیە خودا دژی فڕین و جووڵەی مرۆڤ نیە، خەندان دەڵێت: **"من ...ئەو قسانەم بۆ زەینەبی کوێستانی دووبارە دەکردەوە...دەشڵەژا...گوتی:خەندان ،تۆ دووبارە دەبێت بگەڕێیتەوە ئەو کتێبخانەیە... مامۆستایەکی چکۆلانە...هاتە قوتابخانە بە ناوی شەوگار...زۆربەی کاتەکـانی لە کتێبخـانە دەبـردە سەر ...چەندەها کتێبی جۆراوجۆری بۆ هێنام ...مـن لەو کتێبخـانەیەدا درێـژەم بە خولیـاو بیرکردنەوەکـانی خـۆم دەدا...دەمگـوت: مامۆسـتا ، مانـای چـی خـودا کە گەردوونـی بەم هەمەڕەنگـیە دروسـتکردووە،هەمەڕەنگی قبوڵنەکات؟مانـای چـی خـودا خـۆی ئەو ئـارەزووە مەزنەی هەبـووە بـۆ خولْقانـدن،..ئارەزووی خولْقانـدن و دۆزینەوەی مرۆڤی پێقبـوڵ نەکرێـت؟...گەردوونی لە جوڵە و نوێبـوونەوەیەکی بەردەوامـدا دروسـتکردووە،دژی هێـزو توانـای فـڕین و نوێبـوونەوە و گـۆڕا بێـت لە مرۆڤـدا؟مافی داوەتە گیانـداران ...بـۆ دەبێـت مـاف نەداتە مرۆڤ...بیربکاتەوە،شـتی نـوێ ببینێت،گومانبکات،هەڵەبکـات؟...ئەم هەمـوو شـێوە جیـاوازەی بـوونی خولْقانـدووە،...هەرگیزیش نەیگووتـووە شـێرێك لە کەنـارییەك پیرۆزترە...تێـدەگەم کە گەورەتـرین عاشـقی جیـاوازی لەم گەردوونە...خـودا خـۆیەتی"**، (عەلـی،2007، 369-370)، خەنـدان بـاس لەو دەکـات کە خـودا جیاوازییەکان،بیرکردنەوەی جیاواز ئـازادی، تـاقیکردنەوەی شتی نـوێ قبوڵـدەکات،چونکە خـۆی گەردوونـی بە هەمەڕەنگی دروستکردووە مافی داوەتە هەموو گیانداران و مرۆڤیش، کە گەورەترین و مەزنترین دروستکراوی خۆیەتی مافی داوەتێ، ئەمەی ڕۆماننووس لێرەدا مەبەستێتی گەرانە بە دوای تێگەیشتن لە ئاین و جەوهەری خودا وەکو خۆی نەك بە خراپ بەکارهێنانی، هەروەك لە شوێنێکی تردا باس لەوە دەکات گەورەترین کوفر ئەوەیە کە خودا بچوکبکەینەوە لە کتێبێکدا، بەڵکو دەبێت لە هەموو جێگایەکدا بۆ ماناو جەوهەری خودا بگەڕێین، **"من تەنها یەك کوفر دەبینم،ئەو کوفرەش بچوککردنەوەی یەزدانە بۆیەك واتاو یەك وتەو یەك مانـا،خودا پەرستی گەورەش ئەو کەسـە نـیە کە بەسـەر کتێبە کانـدا دەکەوێـت،بەڵکو ئەو گیـانەیە کە خـودا لە گەورەی و لایەنە گەردونـی و مـوعجیزە گشـتییەکاندا دەبینێـت،...لە هەمـوو جێگایەکـدا بـۆ مانـاو جەوهەری ئەو دەگەڕێـت"**، (عەلـی،2007، 370)، خەندان تێدەگات کە ئەوەی لەژێر ناوی ئایندا تاوانباردەکرا بە گوناحی خوشکەکەی یان دایکی...هتد،بە هیچ جۆرێك ڕەوانەبووە،چونکە هەموومان لەو تۆبەخانەیەدا بێتاوان بووین، دەبێت ئەوانە تۆبەبکەن کە خوداو ئاین بۆ ئەزیەتدانی خەڵك بەکاردەهێنن، خودا دەکەن بە دوژمنی مرۆڤ و پاکێتی بە خۆیان دەدەن،هەروەك خەندان دەڵێت:
**" من ڕۆژدوای ڕۆژ تێدەگەیشتم من خەتایەکم نەکـردووە شایستەی ئەو تـۆبە دوورودرێژەبێـت، هیـچ کچـێ لەو قوتابخانەیەدا ،جگە لە گونـاهێکی وەهمی گونـاهێکی تری نەکردووە، شەوێك بە تـوڕەییەوە بە زەینەبـی کوێسـتانیم گووت، مامۆستام، تەنها کەسانێك کە دەبێت تۆبەبکەن، ئەوانەن کە خودا بـۆ ئەزیەتکـردن و بە نەفـرەت لێکردنـی مرۆڤەکانی دی بەکاردەهێنن، هەموو شتێکیش دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دونیایە بخوڵقێنن و خودا بۆ سـوکایەتیکردن و زەلیلکردنی کەسانی دیکە بەکاربهێنن...بیکەنە دوژمنی مرۆڤ ...بێبـڕوا ئەوانەن ...پـاکێتییەکی درۆ بە خـۆیـان دەبەخشن و پیسێتییەك دەبەخشنە ئەوانی دیکە."** (عەلـی،2007، 371 ) ،بـۆیە لە کۆتایـدا بـاس لەوە دەکـات کە چۆن زەینەبی کوێستانی وای لە کچەکان کرد وا لە خودا تێبگەن هەمیشە لە بۆسەدایە و قـامچی بـۆ مرۆڤەکـان هەڵگرتووە یەکێك لەو قوربانیانە(مەعسومە)یە ،خەندان دەڵێت: **" لە قوتابخانەی خوشکە تۆبە کارەکانیش چووینە دەرەوە کە ،مەعسومە هەمیشە ترسێکی گەورەی بەرامـبەر بە یەزدان هەبـوو، یەزدانـی وەکـو چـاوێکی بەدنیـاز سەیردەکرد کە بەردەوام لە پشـتەوە لە بۆسـەدایە،خودای وەکـو پیاوێـك دەبینـی کە قـامچی کووتیـدەکات...تا ئەو**

**ڕۆژەش... گیانی سپارد،ئەو ترسە لە خوداو لە باڵندەکان هەر لەگەڵیدا** بوو". (عەلی ،2007، 372 )

**ئەنجامەکان:**

1_ لەناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانەوە تێدەگەین مرۆڤ دەبێت لە کۆی گەردووندا بە دوای ناسین و بوونی خودادا بگەڕێت.

2_-ڕۆماننووس لە ڕێگای کارەکتەری خەندانەوە کە دەنگی ڕۆماننووس خۆیەتی، هەروەها دەنگیکی یاخییە بە کڕ ئەو کەسانەدا دەچێتەوە کە ئاین و خودا لەبەرچاوی تاکەکان ناشرین دەکەن و وێنەیەکی ترسناك لەسەر خودا و پەیامەکەی بۆ خەڵك دەکێشن.

3_-ململانێی ئاینی لەم ڕۆمانەدا جۆرە ململانێیەکە، کە کار لەسەر لێسەندنەوەی ئازادییەکانی ژنان و کچان دەکات، لە ڕێگای کارەکتەری شەڕخواز (زەینەبی کوێستانی) یەوە، کە هەوڵی شاردنەوەی هیواو ئازادییەکانی تاك و کچان دەکات.

4_ململانێ کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەفتارو ڕەوشتی کارەکتەرەکان، چونکەڕۆمان ژانری پیشاندانەوەی ململانێ جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەیە، لە ئەنجامی جەنجاڵی و کێشمەکێشەکانی نێو کۆمەڵگە دروستدەبێت.

5_-ڕۆمانەکە پەیامی ئاشتی پێیە و هەرگیز ئاین و خودا ناشرین پیشانناداتات، بەڵکو ئەوە دەخاتە ڕوو کە خودا هەموو بوونەوەرو دونیای بە هەمەڕەنگی دروستکردووە، بۆیە خودا دژی گەڕانەکانی مرۆڤەکان و بیرکردنەوەی جیاوازو خۆشەویستی نیە.

**سەرچاوەکان:**

**کتێبە کوردییەکان:**


پاڵس،دانیاڵ.ل.(2007)،حەوت تیۆری دەربارەی ئاین،وەرگێرانی:ئاوات ئەحمە،چاپی یەکەم،چاپخانەی کۆمپانیای ناوەند،سلێمانی.

ڕەسول،تەها ئەحمەد (2005)،ڕەخنە لەبەختیار عەلی،چاپی یەکەم،چاپخانەی گەنج،سلێمانی.

سەلام ،گۆران،(2004)،کاریگەری خێڵ و ئاین لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەنێوان ساڵانی(1847-1881)چاپی سێیەم ،چاپخانەی کەمال،هەولێر.

شارب، جین،(2013)،وەرگێرانی: لەعەرەبییەوە عومەر عەلی غەفور،کتێبی ئاراس

عبدالسلام، عیماد، (2005)،کانت،وەرگێرانی:پەژارە عبدول حەمید، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

عەلی ،بەختیار،(2007)،ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە،چاپی دەیەم،چاپخانەی ڕەهەند،،سلێمانی

قادر،سەرۆ(2008)،کۆمەڵگا ،دین ،توندوتیژی،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی،دهۆك.

لۆبۆن،گۆستاف، (2006)،سایکۆلۆژیای جەماوەر،وەرگێرانی: ئارام جەمال،چاپی دووەم،مەکتەبی بیروهۆشیاری(ی.ن.ك)،سلێمانی.

یاسین عمر(2005)،،ئاین هزرو سیاسەت ،چاپی یەکەم،لەچاپکراوەکانی پرۆژەی یانەی قەڵەم، سلێمانی.

**کتێبە عەرەبییەکان:**

الحفنى،د.عبدالمنم، ( 2003)،الموسوعة النفسية لعلم النفس والطب النفسي ،الطبعة الثالثة، مطبعة المدبولي – القاهيرة.

**گۆڤارەکان:**

ساڵح،هاشم،(2007)،دەمارگیری ئاینی،وەرگێرانی: شوان ئەحمەد،گۆڤاری سەردەم،ژمارە51 .

**نامە ئەکادیمییەکان بە کوردی:**

ئیبراهیم،سەرکەوت عمر،( 2008)ململانێی کەسێتییەکان لە ڕۆمانەکانی (حوسێن عارف)دا،زانکۆی کۆیە،کۆلێژی زمان ،نامەی ماستەر.

**المصادر والمراجع:**

أبتسام،شمار،(2020) ،تخصص:أدب عربي حديث و معاصر الصراع في رواية وبدأالظلام لعمرو الموفي,جامعة محمد خيض بسكرة,كلية الأداب و اللغات,قسم الأدب واللغة العربية،مزكره ماستر.

**لینگەکان:**

14_ عەبدوڵا،عەدالەت، (2024) http://sites.google.com,kti.edu.iq\adalat.abdula.about.

## References

Pals, Daniel L. (2007). *Seven Theories of Religion*. Translated by Awat Ahmad. First Edition. Nawand Company Press, Sulaymaniyah.

Rasul, Taha Ahmad (2005). *A Critique of Bakhtiyar Ali*. First Edition. Ganj Press, Sulaymaniyah.

Salam, Goran (2004). *The Impact of Tribe and Religion on the Kurdish Liberation Movement between 1847–1881*. Third Edition. Kamal Press, Erbil.

Sharab, Jean (2013). Translated from Arabic by Omar Ali Ghafur. Aras Book.

Abdulsalam, Imad (2005). *Kant*. Translated by Pajara Abdul Hamid. First Edition. Ministry of Education Press.

Ali, Bakhtiyar (2007). *The Novel: Evening of the Butterfly*. Tenth Edition. Rahand Press, Sulaymaniyah.

Qadir, Saro (2008). *Society, Religion, and Violence*. First Edition. Khani Press, Duhok.

Le Bon, Gustave (2006). *The Psychology of Crowds*. Translated by Aram Jamal. Second Edition. Bureau of Thought and Awareness (PUK), Sulaymaniyah.

Yasin Omar (2005). *Religion, Thought, and Politics*. First Edition. Published by the Qalam Club Project Publications, Sulaymaniyah.

Arabic Books

Al-Hafni, Dr. Abdul Munim (2003). *The Psychological Encyclopedia of Psychology and Psychiatry*. Third Edition. Al-Madbouli Press, Cairo.

**Journals**

Salih, Hashim (2007). "Religious Fanaticism." Translated by Shwan Ahmad. *Sardam Journal*, No. 51.

**Kurdish Academic Theses**

Ibrahim, Sarkawt Omar (2008). *The Conflict of Personalities in the Novels of Hussein Arif*. University of Koya, College of Languages, Master's Thesis.

**Sources and References**

Abtisam, Shmar (2020). *Specialization: Modern and Contemporary Arabic Literature. Conflict in the Novel "And Darkness Began" by Amr Al-Moufi*. Mohamed Khider University of Biskra, Faculty of Arts and Languages, Department of Arabic Language and Literature, Master's Dissertation.

**Links**

Abdullah, Adalat (2024). http://sites.google.com,kti.edu.iq\adalat.abdula.about